# چارەنوسی نەتەوە....
# لەنێوانی دەوڵەت و... هەڵس‌وکەوتی میللەتدا



**عومەر ئەمین عەلی**
omer_raniya@yahoo.com

دەسەلاَتی دەوڵەت بەهەموو توانا گیانی‌و ماددیەکانیەوە لایەکە لەتای تەرازوی ئەنجامەکانی چارەنوسی نەتەوەدا، ئایا ئەم دەسەلاَتە بەرەو سەرکەوتنمان دەبات یان بەرەوشکست؟ هەڵس‌و کەوتەکانی میللەتیش لەگەڵ کێشە بنەڕەتیەکاندا تایەکەی تری تەرازوەکەیە، کەئایا میللەت لەپێناوی مانەوەی خۆیدا تێدەکۆشێت یان بەدەستی خۆی ئاگر بەردەداتە ماڵی خۆی؟ جائێمەی کورد بۆگەیشتن بە ئامانجەکانمان بەخێراییەکی بەتوانا ئەوا پێویستە: ئەوەندەی بکرێت هەوڵبدرێت دەسەلاَتی دەوڵەت لە ناخی میللەتەوە هەڵقولاَبێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانەوە، کە هەڵبژاردنێکی سەربەست بێت، هەموو تاکێك بەپێی یاسا مافی خۆ هەڵبژاردن‌و دەنگدانیشی هەبێت، بۆئەوەی ئەندامانی پەرلەمان داشی دیاریکراو نەبن لەپێناوی ئەولایەن یان ئەم لایەنداو ببێتە هۆی ئەوەی زۆرینەی بەرژەوەندیەکانی میللەت لەبەرچاو نەگیرێن، جا لەڕێگەی ئەم دەسەلاَتە یاساییەوە دەسەلاَتێکی جێبەجێکەر دابمەزرێت کە قەلاَیەکی پۆلاَیین بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی میللەت‌و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی،و کەسایەتیە سەرەکیەکانی ئەم دەسەلاَتە پێویستە بەدوربینی مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەن بەشێوەیەك کە ئارامی‌و پشودرێژیان پێوە دیاربێت، (مەناحیم بێگن)ی سەرەك وەزیرانی پێشوی دەوڵەتی جولەکە کاتێك کە سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوو بۆ لێدانی کورەی ئەتۆمی عێراقی‌و بۆخۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ڕاهێنان‌و ئەنجامدانی کارەکەی دەکرد، دەڵێت: ڕۆژانە لەڕاهێنان‌و خۆئامادەکردن بۆ لێدانی کورەی ئەتۆمی عێراقی توشی ماندوبون‌و هیلاکی دەبووین، تەواوی بینایەکانی کورەی ئەتۆمی عێراقیمان لەناو ئیسرائیلدا دروستکردبۆوەو ڕۆژانە بە فڕۆکەکانمان بۆردمانمان دەکرد، بۆئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەدا لەلای فڕۆکەوانەکان کارێکی سادەو ئاسان بێت، ڕۆژانە دوای ماندوبونێکی زۆر کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە هاوسەرەکەم پێی دەگووتم ئەوە خەریکی چیت ئەوەندە ماندو دەبیت؟ منیش لەبەرئەوەی سەرکەوتنی کارەکە دەسکەوتێکی گەورەبوو بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، بۆیە نەمدەتوانی کەس ئاگادار بکەمەوە بەسەرقاڵیمەوە بەم کارە تەنانەت هاوسەرەکەشم، نەوەك هەواڵەکان دزە بکەن‌و ببێتە هۆی شکست هێنانی کردەوە سەربازیەکە، بۆیە لەدوای ئەنجامدانی کارەکە بەسەرکەوتویی لەپێش ئەوەی ڕاگەیاندنەکان ئاگادار بکەمەوە خۆم گەیاندە هاوسەرەکەم‌و پێم گووت: ئەو پرسیارەی کە ڕۆژانە لەمنت دەکرد ئەوە وەلاَمەکەیەتی کە ئیمڕۆ بەسەرکەوتویی کورەی ئەتۆمی عێراقیمان وێران کرد. ئەمە ئەو دەوڵەتە بچوکەیە کەژمارەی دانیشتوانی لەچەند ملیۆنێك تێناپەڕێت‌و ڕووبەڕووی (٣٠٠) ملیۆن عەرەب بۆتەوە، من لێرەدا نمونەیەك دەهێنمەوە کە دەوڵەتی جولەکە چۆن بیرو توانایەك بەکاردێنێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەی، گەنجێکی جولەکە بانگێش دەکرێت بۆ دەزگای (موساد)، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی سەرۆکی (موساد) دەکات، زۆر ڕێزی لێدەگیرێت‌و دوای پشویەك لەگەڵ سەرۆکی (موساد) دادەبەزنە ژێر خانێکەوە، لەوێدا کەسێکی کوژراو دەبینن، ئەو گەنجە جولەکەیە ترس دایدەگرێت‌و والێکدەداتەوە کە ئەویان بۆ ئەوە هێناوە تۆمەتی کوژرانی ئەو کەسەی بخەنەپاڵ، بۆیە دەشڵەژێت‌و دەڵێت: من نەمکوشتووە، سەرۆکی (موساد) بەپێکەنینەوە دەڵێت: ئێمە دەزانین کە تۆ نەتکوشتووە، بەلاَم سەیرێکی لاشەکەی بکە، گەنجەکەش کە تەماشادەکات کەسە کوژراوەکە زۆر لەو دەچێت بۆیە بەسەرۆکی (موساد) دەڵێت: نایناسم، بەلاَم شێوەی زۆر لەمن دەکات. سەرۆکی موسادیش بە پێکەنینەوە دەڵێت: ئێمەش هەر ئەوەمان مەبەستە، ئەم کەسە کوژراوە سیخوڕی ئێمەبوو، شەش ساڵ لەمەوپێش ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە ئەم سیخوڕەمان دروستکرد، ئیمڕۆ عەرەبەکان کوشتیان، شەش ساڵ لەمەوپێش تۆشمان بە یەدەگ (احطیات) دانا بۆئەوەی کاتێك کەئەو توشی شکستیەك هات تۆ ئەرکەکانی تەواو بکەیت. بەرنامەیەك چەندین ساڵ لەمەوپێش کەسێکی وەکو تایەی سپێر دانابێت بەبێ ئەوەی خۆی ئاگاداربێت بۆ ئەنجامدانی کارێك لەپێناوی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەی جولەکەدا، دەبێت ئەم بەرنامەیە چەند تۆکمە بوبێت کە یەکسەرو بەبێ لاملی وا لەو گەنجە بکات ڕازی ببێت بەتەواوکردنی ئەرکەکانی کەسە کوژراوەکە لەپێناوی میللەتەکەی خۆیدا، ڕازی ببێت بەوەی کە لەژێر گاریگەری ڕاهێنانە وەرزشیەکاندا دوو سانتیمەتر بالاَکەی درێژ بکرێت بۆئەوەی بەقەد بالاَی کەسە کوژراوەکەی لێبێت‌و کەس هەستی پێنەکات کەئەو کەسێکی دیکەیە، پێویستە دەوڵەتی کوردی لەهەموو بوارەکاندا بەم عەقڵیەتە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکات، پێویستە لەهەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا هەر لەدەزگا خزمەت گوزاریەکانەوە بۆ دەزگا جاسوسیەکان، مافی تاکەکانی کۆمەڵ دیاریکراوبن، هیچ دەسەلاَتێك لەسەروی یاساوە نەتوانێت سوکایەتی بە تاکەکانی کۆمەڵ بکات، بۆئەوەی کەرەسەی خاوی نیشتمان پەروەری لەناو بیرو هۆشی تاکەکانی کۆمەڵدا بەرەو خراپی‌و بێ کەڵکی نەڕوات، جا ئەوسا هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە هەریەکە لەشوێنی خۆیەوە هەست بە لێپرسینەوە دەکات بەرامبەر خاك‌و نیشتمانەکەی خۆی، هەر لەسەر پەیڕەوی ئەم عەقڵیەتە بوو کە(خەواجە خەنۆ)ی دانیشتوی ئاکرێ کە خاوەن سامان‌و سەروەتێکی یەجگار زۆربوو، هەڵوێستێکی بۆخۆی لەمێژوودا تۆمارکرد، بەوەی کەکاتێك هەواڵی کۆچکردنی جولەکەکان دەبیستێت بەرەو فەڵەستین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە، خەواجە خەنۆ هەموو سامان‌و سەروەتەکەی بەجێدەهێڵێت بەرەو هیواو ئاواتی نەتەوەکەی، بەشێوەیەك لە شاری

(تەبەریە) دەگێرسێتەوە کە خاوەنی هیچ شتێك نەماوەو کوڵ نادات‌و ناوی خۆی دەگۆڕێت بە دێڤد(داود)و خەریکی سەوزە فرۆشی دەبێت، ئەم نەتەوەیە چۆن دەدۆڕێت ڕۆڵەیەکی وەکو دێڤدی هەبێت !؟ ئێمەی کوردیش پێویستە یەکەیەکەی ئەندامانی نەتەوەکەمان دێڤدێك بن لەپێناوی داهاتوی نەتەوەکەیاندا، لە هەمان کاتیشدا پێویستە لەلایەن دەسەڵاتەکەوە زەمینە خۆش بکرێت بۆ لەدایك بوونی ئەم دێڤدانە، هونەرمەندانی سلێمانی لەدوای کارەساتی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، لەسلێمانی شانۆگەری (پردی ئارتا)یان پێشکەش کرد لەکۆتایی حەفتاکاندا، ئەم کارە هونەریە بۆخۆی شۆڕشێکی فکری بوو لەوسەردەمەدا، بۆ جۆشدانی میللەت بۆ قوربانیدان لەپێناوی کێشە چارەنوس سازەکەدا، ئەوسا(پردی ئارتا) بۆ کوردستان‌و نەتەوەی کورد پردی ئاکرێ بوو، کە هەردووك بەری سۆران‌و بادینانی بەیەکەوە دەبەستەوە، سەرکردەی شۆڕشەکەش وەستای بیناسازی پردەکەبوو، کاتێك کەدەنگێك بانگی لێوەکرد لەپێناوی جێگیرکردنی پایەی پردەکەدا پێویستە خۆشەویسترین کەسی خۆت سەربڕی‌و خوێنەکەی بکەیتە بنی پایەکەوە، کاتێك کە هەواڵەکەی بە هاوسەرە خۆشەویستەکەی ڕاگەیاند، ئەویش مەردانە ووتی لەپێناوی خاك‌و نیشتماندا زوو کارەکەت ئەنجام بدەو سەرم ببڕە، پردەکە تەواو بوو، ساڵ هات‌و تێپەڕین، هەردووك بەرەکە تێکەڵ بەیەك بوونەوە، ئەوانەی بەسەر پردەکەشدا دەپەرینەوە نەیاندەزانی کە خەڵکانێك قوربانیەکی زۆریان داوە لەوپێناوەدا، وەستای سەرکردەش کەوتە بارێکی نەخۆشی‌و هەژاریەوە کەسێك نەبوو ئاورێکی لێ بداتەوە، بۆیە بەنائومێدی هاتەوە پاڵ پایەی پردەکەو بیری لەوە دەکردەوە چۆن بەدەستی خۆی خۆشەویستەکەی خۆی سەربڕی‌و ئێستاش پیرو پەککەوتەیەو کەسێك ئاورێکی لێناداتەوە، لەم کاتەدا هاوسەرەکەی بەخەیاڵ دێتە بەرچاوی‌و پێی دەڵێت: پیاوەکە پەشیمان مەبەوە لەو کارەی کەکردوتە، ئەو کارەی کە تۆ کردوتە ئەوەندە گەورەیە هیچ پاداشتێك نیە پربە پێستی خۆی.

کەواتە ئەرکێکی سەرشانی یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵە لەپێناوی نیشتمان‌و نەتەوەکەیاندا هەموو قوربانیەك بدات‌و چاوەڕێی هیچ پاداشتێکیش نەبن، لەهەمان کاتیشدا پێویستە دەوڵەت ڕۆڵی خۆی ببینێ، بۆئەوەی هەردوك تای تەرازووەکە بەرامبەر بەیەك ڕاوەستن و ئالای کوردستان بشەکێتەوە بەجێگیری لەسەر میلی ناوڕاستی هەردوك تای تەرازووەکە.

# چەمکی" شەخسیات "لەکوردەواریداو باکگراوندە کۆمەڵایەتیەکانی .......



*ئازا عبدولکەریم

سەرهەڵدانی هەر زاراوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ چەند پرەنسیپێك کەوا لەسایەی دا لەدایك بووە، مێژوویەکی درێژیشی هەیە تاوەکو بۆ تە شتێکی باو لەکۆمەڵگاداو چۆتە سەرزمانی تاکەکان. باوبوونی شتێکیش زۆر کات یاخوود بەهۆی ڕەهەندە ئیجابیاتەکانیەوە یاخوود سلبیەکانەوە، ئەو کەرەسانەی لەهزری تاکەکاندا دەمێنێتەوە لەیادەوەری مرۆڤدا زوو دەدۆزرێنەوە."بابەتە شازەکان"، ئەوانە کەوا لەماوەی چەند چرکەیەك دێتە یادی مرۆڤ بەبێ ئەوەی ماندوی بکات، ئەو وێنانە کەوا بەگەڕانێکی زۆرکەم کۆنترین دێنێتەوە یادمان، ئەشێت ئەم وێنەیە کارێکی زۆر باش بێت لەیادمان بمێنێت، بۆ وێنە کاتێك نووسەرێکی وەك بەختیار عەلی ڕۆمانی (شاری مۆسقارە سپیەکان)نووسی، لەبەر ئەوەی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو شاکار بوو ئەوا تایتڵی ئەم ڕۆمانە لەهزری هەموو ئەوانەدا دەمێنێتەوە کەوا بەختیارعەلی دەناسن، یاخوود ئەشێت کارێکی زۆر خراپ‌و نامرۆڤانەبێت وەك کارەکانی سەدام (ئەنفال‌و کیمیاباران‌و ...هتد). بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ کەوا ئەو وێنەی کەسایەتیەك پەخشانی دەکات، دەخرێتە قالبی" شەخسیاتەوە"، لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپی زۆر نابەجێ‌و زۆر نامەنتیق، لەسەر کۆمەڵێك ڕەفتاری زاهیری مرۆڤ حوکمی کەسایەتی ئەم مرۆیە دەدرێت، جا دەشێت ئەم وێنانەی ئەو کەسایەتیە نمایشی دەکات زۆر جیاوازبێت لەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت، ئەشێت زۆر دەرچووبێت لەسنوورەکانی ئەم کۆمەڵگایە.

گەرچەند نموونەیەك لەسەر ئەم کۆمەڵگاداخراوەی خۆمان بهێنمەوە بۆ وێنە:کچێك تەنوورەیەکی لەبەرە لەسەرئەژنۆیەتی ئەمەدەشێت زۆرجیا بێت لەو ژینگەیەی کەوا تێیدا دەژێت، دەشێت زۆر لەسنووری کلتوری خۆی دەرچووبێت، یاخوود خۆی کردبێتە ئەکتەرێك نمایشێکی زۆر جیابکات، زۆر سەر سووڕهێنەرتر بێت لەهەموو ئەکتەرەکانی ئەم کۆمەڵگایەی کەوا تێیدا گوزەر دەکات، بەوە کارێکی زۆر شازو بەدەرە لەکەسایەتیەکانی ناوئەوکلتوورە، جالێرەوە دەست بەدادگایەکە دەکرێت‌و هەریەك بەجۆرێك توانجی خۆی لێ دەدات، زۆر کوێرانە بڕیاردەدات، لەبەر ئەوەی ئەم مرۆڤە دەرچووە لەڕێسای کۆمەڵگاکەی، کەوا میراتێکی زۆر کۆن‌و پیرە. ئینجا کەسایەتیەکە نەیویست ئازادیەکانی خۆی پاوەن بکات بە میراتێك کەوا خاڵیە لەئازادیەتاکەکانی مرۆڤ، ئارەزووەکانی خۆی نەشکاند، لەوسەرەوە چەند کەسێك بەئەقڵیتێکی خێڵەکی‌و نەریتی دەڵێن"ئەواچەندبێشەخسیەتەو چەندە بێڕەوشتە"؟! لێرەدا مەدالیای شەخسەتیان دا لەبەرۆکی ئەم مرۆڤە، پێیان بەدبەختو چارە گران کرد ،ئەمەلەبەر ئەوەی وەك گوتمان کارێکی شاز بوو، ئەوە دەبێتە شتێکی شازو لەسەر زمانی تاکەکانەوە دەگوازرێتەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا بەکارهێنانی وشەی شەخسیات چەند هەڵەیە، هەروەها ئاشکرا دەبێت وشەیەکی زلەو ناوەڕۆکەکەی وەك کارتۆنێکی بەتاڵ وایە. من پرسیار دەکەم دەبێت کەسێك هەبێت بەشە خسیەت و کەسێکی کەش بێ شەخسیات؟؟ ئێمە هەموو مرۆڤین، کارە خراپەکانمانە کەوا کۆمەڵگا فێرمان دەکات خەتای کێ بێت؟کەمن دەڵێم :خراپ قسەی کۆمەڵگایە، ئەگینا من واهەست دەکەم تەو فێرێکم بۆکردەوەکانی مرۆڤ نیە. قسەیەك هەیە زۆرێکمان بیستوومانە دەڵێت:"منداڵ وەك پەڕی سپی وایە"کەواتە تاوانی ئەو منداڵە چیە کەوا هەر لەسەرەتاوە کە ناوی خۆی نەزانیوە لەجیاتی هەمووشتێك لەجیاتی دەیان یاری دیکەی منداڵانەی باشتر چەکی بۆدەکرن، ئینجا فێری "جوێن و پەلاماردانی" مرۆڤەکانی دەوروبەری دەکەن،گەر دوو ڕۆژی دیکەش گەورەبوو توانجی لێ دەگرن‌و وشەی شەخسیات دێتەوە گۆڕێ، پێی تاوان باردەکرێت کەوا مرۆڤێکی بێ شەخسیاتە ؟!!!

# خەتەنەکردن سونەتە یان واجب؟



**ئا: پەژارە مەمەند ساڵح**

لەکاتێکدا پیرەژن سەرگەرمی باسو خواسی گێڕانەوەی خۆ خنکاندنی ئافرەتێکی بەدبەختو چارەڕەشی گەرەك بوو، منداڵێکی دەساڵان کە پێدەچوو نەوەی بێت، لەژێر چارشێوەکەیدا خۆی حەشاردابوو. پۆشاکێکی بەرینی لەبەردابوو تا سەرئەژنۆی داپۆشیبوو، لە ژێرەوەش پانتۆڵێکی ئەستووری لەبەردابوو. ئاسەواری فرمێسك بەسەر کوڵمەو دەمو چاوە ناسکەکەیەوە دیاربوو، وەزعی زۆر باش نەبوو، منیش لە نەنکیم پرسی ئەمە نەخۆشە یا شەرم دەکات؟. لەوەڵامدا گووتی: هەردووکیان.هەوڵمدا منداڵەکە بدوێنم بەڵام ئەم هەر زیاتر لە ژێر چارشێوەکەدا خۆی مەڵاس دەدا. بۆیە بۆ جاری دووەم لێمپرسی چ دەردیەتی؟.گووتی: هیچی وانیە خەتەنەمان کردووە. ئەم وەڵامە بردمیەوە بیری سەرگوزشتەی منداڵیم، ئەوکاتەی لەگەڵ منداڵە هاوڕێکانم لەژێر بەربەرۆچکەی خانوەکەماندا بوك بوکێنەمان دەکرد. کاتێك پورئامینەی ووردەواڵەفرۆش هات دایکم بە بیانووی کڕینی شت بانگی کردم. منیش بە خولیای کڕینی بوکێکی قژ زەرد دەستەکانیم گرت، لەنزیك دەروازەی ماڵە دراوسێکەمان دایکم دەستەکانمی توند گرت وەك ئەوەی نیازی راکردنم هەبێت راپێچی ژوورەوەی کردم. لەبەر هەیوان لە جیاتی سیما قەشەنگەکەی پورە ئامینە سیمایەکی چرچو لۆچ دەرکەوت دەتگووت قەسابی ئاژەڵە، گوێزانێکی بەدەستەوە بوون لەولاشەوە بەچەند کەسێك چورپەلی کچێکیان گرتبوو بردیانە بەردەم ئافرەتە سیما ناشیرنەکە. لەوکاتەدا سەرم سوڕمابوو لەو شتەی بەچاوی خۆم دەیبینم، راستیە یا خەون نەمدەزانی کامیانە. ئیدی پیرێژن لەکاتێکدا بەدەستێکی ئەندامی مێینەی کچە بچکۆلانەی گرتبوو بەدەستەکەی دیکەی گوێزانەکەی لێنزیك کردەوەو لەنێوان قیژەو هاواری کچەدا بەشێك لەئەندامی جەستەیان لێکردەوە. بەگوڕ دەستم لەدەستی دایکم دەرهێناو رامکردە دەرەوە، بەڵام نازانم چۆن بوو منیان هێنایەوەو خستمیانە بەردەم پیرەژن، منێك بەو جەستە ناسكو تەمەنە کەمەوە چۆن لەدەستیان دەربازم دەبێت،دوای تەواوبونی کارەکەی پیرێژن، چەند هەفتەیەك لە کونجی ماڵەوە خۆم زیندانی کردبوو. وێڕای ئێشو ئازاری جەستەییو دەروونی لە هەمووی سەریتر ئەوەبوو نەمدەزانی حیکمەت لەم کارەیان چیە!!. ئیدی لەو کاتەدا هەستم بە ئازاری ئەو منداڵە بەدبەختە دەکرد. لە نەنکیم پرسی: تۆ لەیادتە کە خەتەنە کرای؟. گووتی: چاك لەیادمە، لە دێکەی خۆماندا پورە فاتمێك هەبوو کچانی خەتەنە دەکرد، رۆژێکیان لەئاو هێنان دەهاتمەوە دایکم بانگی کردم گووتی وەرە چیدی ئاومەهێنە، منیش بەلامەوە سەیر بوو رۆژان تا هەموو گیزەکانم پڕ نەکردبایە هەر ئاویان پێدەهێنام. کە چوومە ژوورەوە بە دووان سیانێك گرتیانمو رایانکێشامە بەردەم پورە فاتم، لەژوورەوە چرا رەشکەیەکیان بۆ داگیرساندبوون چەند منداڵێکم دیت ناو لینگو لەتەریان خوێن بوو، ئیدی پیرێژن منیشی بەهەمان دەردی ئەوان برد. باوەڕبکە رۆڵە لەژیانمدا ئازار وا بەسوێم نەدیووە. بە سیمایەوە لە گێرانەوەی رووداوەکە هەستت بە قوڵی ئەو ئازارە دەکرد. گووتم پوریٚ هیچ دەرمانێك شتێکیان بۆ بەنجکردن بەکارنەهێنا؟ گووتی: دەرمانی چی رۆڵە..... مێژووی ئەو خەتەنەکردنەی نەنکی منداڵەکە سەردەمێکی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام هەمان دابو نەریت هێشتا هەر بەردەوامی هەیەو بۆ نەوەکەشی گواستراوەتەوە. دوای دورکەوتنەوەم لە چیرێژنو نەوەکەی چەند کچێکی گەنجم بینی، هەر بۆ ئەم مەبەستە کەوتمە دواندنیان یەکێکان گووتی: من کاتی خۆی بەفێڵ خەتەنەیان کردم، خوشکەکەم خەتەنەکرا بەدزیەوە سەیرم دەکرد زۆر گوناە بوو، من ژنە خەتەنەکەرەم دەناسیەوە بۆیە هەرچەند جارێك کە دەیانبردم بۆ ئەم کارە بەدیتنی ئەو لەدەستیان رامدەکردو بۆیان نەدەگیرام، تا دواجار بە بیانوی سەردانی ماڵی دراوسێکەمان و یاریکردن لەگەل منداڵەکانیان دایکم بردمیو لەوێش چەند دیمەنێکی سەیرم دیتن قیژە قیژی منداڵو گریانی کچان. بردیانمە ژوورێك بۆنی خوێنی لیٚ دەهات، دایکم منی ئامادەکردو ژنەکەش گوێزانێکی دەرهێناو بۆ ئەوەی نەقیژێنم دەستیان خستە سەردەمم. ژنێکی دیکە کە هاوڕێیان بوو بەیەکەوە بوون گووتی: تەمەنم ٢٥ ساڵە هێشتا لەبیرمە لەگەڵ نەنکم چووینە ماڵی خزمێکمان نەمدەزانی بۆ چیە، کە چووینە ژوورەوە قەسابخانەیەك بوو بۆخۆی، ئازاری من لەدوای خەتەنەکردنەکە دەستی پێکرد، باوەڕبکەن تا گەیشتینە ماڵەوە پیلاوەکانم پڕ ببون لە خوێن، بەو هۆیەوە نەخۆش کەوتمو چەند جارێك لەهۆش خۆم چووم. ئافرەتێکی بەتەمەنیان لەگەڵ دابوو حەوت کچی هەبوو هەموویان خەتەنەکرابوون، لێمپرسی دایە تۆ پێت وایە خەتەنکردن کارێکی باشە یا خراپ؟ گووتی: نا رۆڵە ئەسەفروڵڵا خراپی چی سوونەتی خواو پێغەمبەرە(د.خ) هەربۆیە بڕیارمدا رای مامۆستایەکی دینی لەوبارەوە وەربگرم لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا فەرز یان سوونەتە گووتی: بیرو بۆچوونی زاناکانی دین لەمەڕ خەتەنەکردن جیاوازی هەیە، هەندێکیان دەفەرموون سوونەتەو نەکردنی تاوان نیە، هەندێکیشیان دەفەرمون واجبە بکریٚ. بەڵام بەگشتی لە سوونەت دەرناچیٚ، سوونەتیش لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادایە. گووتم: مامۆستا رای ئاین چیە لە مەرباردۆخی نالەباری ئەو کچانەی خەتەنە دەکرێنو تووشی گرفتی سێکسی دەبنو ناتوانن شوو بکەن؟ فەرموی: ئەمە هۆکارەکەی نائاشنایی دایكو باوکە، یاخود بەهۆی ئەو کەسی خەتەنەکارەوە روودەدا، تەنانەت ئاین لەهەولی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریەتی پڕ چێژوو پاکی دایە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، خەتەنەکردن بەشێوازی خراپ دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەکچو بە ژنان لە ژیانی هاوسەریەتی دەبیٚ بە پێی کامڵبوونی

جەستەی کچەکەوە بێتو بەپێی ڕێچکەی ئیسلام وەك سوونەتی محەمەد(د.خ)لەسەر بێ بە ئاستەم ئەندامی مێینە ببڕدرێ هەر کەمێم خوێنی لێببێت بەسە، بەمەرجێ زیان بە ئافرەت نەگەیەنێ ئەمەش بۆ ڕێز گرتن لە یاساو ڕێسکانی ئاینی ئیسلامە.

هەربۆ زیاترئاشنا بوون لەم بارەیەوە بە پێویستم زانی پورە خەجێ کە ئافرەتێکەو کاری خەتەنەکردنی کچانە بدوێنم، لێمپرسی لەکەیەوە ئەم کارە دەکەیتو لەکێوە فێر بوویت؟ گووتی: هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵ پوورم کە ئەویش خەتەنەکەر بوو دەگەڕام، پێداویستیەکانم بۆ هەڵدەگرت لەوکاتەوە فێربووم بۆ یەکەمجار لەتەمەنی (٢٥) ساڵیدا کچێکی خۆمم خەتەنەکرد زۆر بە باشی دەمزانی، ئیدی لەوکاتەوە دەستم بەخەتەنەکردن کردن بەزۆری لە وەرزی بەهاراندان کۆڵم بەپشتدادەداو دەچوومە دێهاتەکان کیژۆڵەی تەمەن(٤بۆ ١٢) ساڵانم خەتەنەدەکردن لەبەرمابەریشدا پارەم وەردەگرت. بەڵام کچە هەچارو هەتیوەکانم بە خۆرایی خەتەنە دەکرد یا شتی دیکەم لێوەردەگرتن. ئەو ژنە بەتەمەنە باسی زۆر شێوازی کرد کە بۆ خەتەنەکردنی کچان بەکار هێناوە کاتێکیش لێمپرسی ئەو کاتانەی ئەو منداڵە ناسكو کەم تەمەنانەت بەهۆی گوێزانەوە بە هاوارو قیژەو زیکە زیك دەخست ویژدانت ئاسوودە بوو؟هیچ وەڵامی نەدامەوە. دواتر بیرم کەوتەوە کە یەکێك لە هاوڕێکانم بۆی باسی کچێك کردبووم بەهۆی هەڵەی ژنە خەتەنەکارێکەوە تاکو ئێستاش نەیتوانیوە شووبکات، ئیدی کەوتمە سۆراخ کردنیو دواتر بۆم دەرکەوت لە کوردستانی ئێران دەژی. بەهۆی تەلەفۆنەوە پەیوەندیم پێوەکرد دوای ئەوەی خۆم پێناساندو مەبەستەکەی خۆمم حاڵی کرد بەم شێوەیە بۆم هاتە دوان:من لەژیانی خۆم بێزارم چوونکە تاکو ئێستا وەکو کچێکی ئاسایی نەمتوانیوە شوو بکەمو بچمە سەرماڵو حاڵی خۆمو منداڵم هەبێت. زۆر داواکاریم هاتوون بەڵام هەموویانم ڕەتکردۆتەوە. چونکە بەهۆی دابو نەریتو لەترسی قسەو قسەلۆکی خەڵکبەمنداڵی خستیانمە بەردەستی ژنێکی خەتنەکاری نابەڵەد کە بە هۆی هەڵەی ئەوەوە لە ژیانی هاوسەری بێبەشبوومو، هەستم بۆ هیچ پیاوێك ناجولێ، دڵنیاشم شوو بەهەر کەسێك بکەم دەبمە مایەی ناڕەحەتیو دەردی سەری بۆی.پار کەسێك هات بۆ خوازبێنیم بەڵام ویژدانم ڕێگای نەدا فێڵی لێبکەم خۆم ڕاستی مەسەلەکەم بۆ باسکرد ئەویش پەشیمان بۆوە، زانی ژیان لەگەڵ من چێژی نابێت.ئێستا خۆم لە کونجی ماڵێدا زیندانی کردووە خۆم لە چنینی لبادەوە خەریك دەکەم. نەجیبە خان ئافرەتیچکی دیکە کە هەمان کێشەی هەیە هەرچەندە ئەو خاوەنی دوو منداڵە بەلام وەك خۆی باسی دەکرد لەگەل مێردەکەیدا کێشەی سێکسیان هەیەو هەمیشە دەنەدەنگیانە بەو هۆیەوە، هۆکارەکەش خۆیەتی چوونکە دەڵێت هیچ کاتێك ئارەزووی سێکس ناکەمو ئەو حەزە لای من مردووە. هەڵبەتە ئەم دیاردە تایبەت نیە بەکۆمەڵگای کووردیو لەزۆرێك لە وڵاتانو نەتەوەی دیکەشدا پەیڕەوو دەکرێت. دەمەویست بزانم وەزعی ئەوکچو ژنانەی خەتەنەنەکراون چیە هەربۆیە بەڵقیس خانی خاوەن(١١)منداڵم دۆزیەوە کە خەتەنەنەکراوەو وەکو هەر ژنێکی دیکەی ئاسایی دەژیەتو هیچ گرفتێکی سێکسی نیەو تەنانەت هاوسەرکەشی ئەم مەسەلەی بۆ دووپاتکردمەوەو گووتی کە هیچ گرفتێکیشمان نیە، من ئەوە دووەم خێزانمەو ئەوەی تریان کە ئێستا لەژیاندا نەماوە خەتەنەکرابوو، بەڵام بەڵقیس کە خەتەنەنەکراوە هەستم بەهیچ جیاوازیەك نەکردوە لەنێوانیاندا لە هیچ روویەکەوە هەبێت، سکاڵا خان تەمەنی (١٩) سالە گووتی: من خەتەنەنەکراوم لەتەمنی دە ساڵیدا دایکم بردمی خەتەنەم بکات، بەڵام ئەوکات نازانم لەبەر چی بوو نەیانکردمو دواتریش زۆر گوێپێنەداو نەیانکردم، بەڵام خوشکێکم هەیە خەتەنە کراوە، من هیچ جیاوازیەك لەنێوانماندا بەدی ناکەم کە دەڵێن خەتەنە نەکرێ وای لێدێو وادەردەچێ.....



نەجم هۆگر:

# هونەرمەند جەماوەری هونەری لەشانۆ تۆراندوە



**دیداری: خەبات محەمەد صاڵح**

زنار: نەجم هۆگر منداڵی خۆی چۆن بەسەر برد

نەجم هۆگر:منداڵی نەوەی ئێمە منداڵیەکی بەختەوەرو ئاسوودە نەبوو، هەرش بیرم لە ژیان کردۆتەوە لەژێر چەپۆکی داگیرکەران‌و چەوساندنەوەوە سەرم هەڵبڕیوە. ئەو کەرەستەو پێداویستیانەی منداڵە چاوگەشەکانی ئێستا لەبەردەستیاندایە من‌و ئەوانەی لەتەمەنی مندان زۆربەمان لێی بێ بەش بووین بەڵام ئەمانە پەیوەست بوونمانیان بە خێزان‌و خاك‌و نیشتمانەوە لەق نەکردو روحی بەرگری تیاچاندین.

زنار:چۆن بوو خۆشەویستی هونەر لای تۆ چەکەرەی کرد

نەجم هۆگر: من کاتی خۆی لە رادیۆوە گوێم لە زنجیرە دراماو کارە هونەریەکان دەگرت بەتایبەت لە رادیۆی کرماشان. دواتر منداڵانی گەڕەك‌و هاوڕێکانم کۆدەکردەوەو ئەوشتانەی گوێم لێدەبوو دوبارەمان دەکردەوە تەمسیلمان دەکردەوە. ئەوکاتە بەگەڕەکێك رادیۆیەکمان هەبوو.

زنار: سەرەتاو دەستپێکی هونەریت بۆکەی دەگەڕێتەوە

نەجم هۆگر:ساڵی ١٩٦٩ لە سلێمانی لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی هاوڕێم تیپی نواندنی سۆرانمان پێکهێنا لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ پیشەی هونەربوە بە شتێکی گرنگ لە ژیانم.

زنار: یەکەم بەرهەمتان

نەجم هۆگر: شانۆی کاوەی ئاسنگەر بوو لەساڵی ١٩٦٩ لەسەر شانۆیەك کە هەر خۆمان دروستمان کردبوو لەگەڕەکی ئەزمەر.

زنار: پێناسەی هونەر لای نەجم هۆگر

نەجم هۆگر: هونەر بەردەوامیە لەژیان بەشێوەیەکی ئیستاتیکی

زنار: دەرهێنەر پێویستە پشت بە سیناریۆ یاخود نوسەر یا خۆی ببەستی بۆ سەرکەوتنی کارەکەی

نەجم هۆگر: پێویستە هەموو ئەو لایەنانە فەرامۆش نەکا چ سیناریۆ، چ دەق، چ توانای ئەکتەرو ستافی هونەری بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە دەرهێنەر پشتی پێببەستێ دید(روئیا)ی هونەری خۆیەتی هەروەها شارەزایی‌و ئەزموونی دەرهێنان‌و رۆشنبیری بواری دەرهێنان کە بەبێ ئەمانە دەرهێنەر ناتوانێ کارێکی هونەری سەرکەوتوو ئەنجام بدات. ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنی دەق‌و سیناریۆ زامنی سەرکەوتنی بەرهەمەکەیە.

زنار:لەگۆرەپانی هونەری کوردی تەنها چەند ناوێك دووبارە دەبنەوەو دەبینین کە کاری دەرهێنان ئەنجام دەدەن بۆ

نەجم هۆگر: بێگومان زۆر گرنگە دەروازە والاتر بکرێت، زەمینە لەبارتر بکرێت، هاندان‌و هاوکاری دەرهێنەرەکان زیاتر ببێت لەبەرئەوەی کێبڕکێیەکی هونەری لەو بوارەدا دێتە ئاراوە سەرەنجام بەرهەمی هونەری بەپێزو بەهێز دێنە بەردیدەی بینەران من پێم وایە نەك هەر دەرهێنەر پێویستە رەخنەگرانیش هاوکاری بکرێن‌و هان بدرێن تا بتوانن لەرێی رەخنەی بونیاد نەرانەوە کارە هونەریەکانیان بەرەو پێشتر ببەن چ لەڕووی هونەرییەوە چ لەڕووی زانستیەوەو چ لەڕووی پیشەییەوە.

زنار:رەوتی هونەری کوردی بەکام ئاراستەدا دەڕوات

نەجم هۆگر: ئەگەر مەبەستت رەوتی هونەری لە درامای تەلەفزیۆنی بێت من رام وایە ئێمە لەسەرەتای ئەم کاروانەداین هەموو ئەوکارانەی ئێستا دێنە بەر دیدەی بینەران هەموو ئەوانە هەنگاون بۆ قوڵبونەوە لەوبوارەداو نزیککردنەوەیەکی لە سکەی بەرەوپێشچونی درامای تەلەفزیۆنی... دیارە ئەو هەنگاوانەش جۆراوجۆرن هەر لەهەنگاوی سست‌و کەم ئەزمونەوە تا دەگاتە هەنگاوی گورج‌و بە ئەزمون بەڵام هەموو ئەوانە هەنگاون بۆمن لام وایە پێویستە ئەو هەنگاوانە بنرخێندرێن‌و هاوکاری بکرێن.. جوڵەی هونەری لەوەستان باشترە پێویستە ئێمەش نەوەستین‌و بەردەوامبین تا ئەو بوارەی دراماشمان دەچێتە سەر سکەی خۆی.

زنارکارێک کە زۆر لێی رازیت‌و سەرکەوتووبوی تێیدا

نەجم هۆگر: دیارە مرۆڤ هەموو ئەوکارانەی ئەنجامی دەدات بە تایبەتی کاری هونەری لێی رازیە بۆیە نمایشی دەکات لەکات‌و شوێنی خۆیدا بەڵام دیارە ئەزمون تا بەرەو پێش بڕوات راکان سەبارەت بەکارە هونەریەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت منیش هەموو ئەوکارانەی کردوومە لەهونەردا چ شانۆ چ تەلەفزیۆنی خۆشم دەوێن‌و شانازیان پێوە دەکەم‌و خوازیارم لەرێیەوە توانیبێتم خزمەتێکم بەگەلەکەم کردبێت بەڵام وەك ئەزموونی کارکردنم زنجیرەی درامای(رابوون) جێی رەزامەندی بینەرێکی بەرفراوان بوو ئەگەرچی زۆرترین ماندووبوونم لەبورای هونەریمدا لەو بەرهەمەدا بوو بەڵام بەو هۆیەوە ماندوێتیم حەسایەوە.

زنار: خۆشترین ساتەکانی تەمەنت

نەجم هۆگر: ئەو کاتانەی سەرقاڵی کاری هونەری دەبم خۆشترین ساتەکانی ژیانمە.

زنار: هەست دەکەی کارەکانت جێگای رەخنەبن. گوی لەرەخنە دەگریت

نەجم هۆگر: من پێم وانیە هیچ کارێکی هونەری نیە رەخنەی لەسەرنەبێت گەروانەبێت ئەوکارە جێی بایەخ نابێت... سەبارەت بە گوی گرتن لەرەخنە من پێم وایە رەخنە ئەگەر رەخنەی بونیادنەر بێت ئەزمون‌و شارەزاییت دەوڵەمەندتر دەکات‌و دوورت دەخاتەوە لە دووبارە کردنەوەی هەڵەکان‌و خوازیارم رەخنەگری شارەزاو بەئەزمون چاوپۆشی لە کارە هونەرییەکان نەکەن.

زنار:رێکخراوی تازەی هونەرمەندان بۆچی نەیتوانی سەرجەمیان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە

نەجم هۆگر: هەمووکەس سەربەستە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەو هەڵبژاردنی من

بڕوام بەفرە دەنگیو بیرکردنەوە هەیە... پێویستە هەمووکەس ڕێز لە بیروبۆچوونی بەرامبەر بگرێت لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی زۆری هونەرمەندان لەڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان کۆبونەتەوە، هیوادارم سەرجەم هونەرمەندان بیروڕایان یەکبخەن.

زنار: پێتان وایە شانۆ لەقەیران دابێت

نەجم هۆگر: من پێم وایە هونەرمەند خۆی لەقەیران دایە ئەویش بەهۆی دوو خاڵەوە، یەکەمیان هونەرمەند جەماوەری هونەری لەشانۆ تۆراندوەو پێویستە جەماوەر لەشانۆ نزیك بکاتەوەو وا لەجەماوەر بکات شانۆیان خۆش بوێتو چێژ لەبەرهەمەکان وەربگرن. دووەمیان: پێویستە زەمینە والآتر بکرێت لەبەردەم هونەرو هونەرمەنددا تابتوانێ هونەری شانۆ بەرەوپێش ببرێ ئەویش ئەرکی دەسەلاتە.

زنار: ئەی ئەو ڤیستڤاڵانەی ئەنجامدەدەرێن تا چەند کاریگەریان هەبووە

نەجم هۆگر: سازدانی ڤیستڤاڵی هونەری خۆی لەخۆیدا جموجۆڵ دەخاتە کارە هونەرییەکانو کێبڕکێیەکی هونەری لەنێوان هونەرمەندان دێنێتە ئاراوە. هەروەها ئاستی کارە هونەریەکان باشترو زیاتر ئاشکرا دەبن بۆیە سازدانی ڤیستڤاڵ لەسەر ئاستی هونەری گرنگیەکی هەنوکەییە.

زنار: بەردەوام زەردەخەنەت لەسەر لێوە، گەشبینیە یا.....

نەجم هۆگر: سوپاس.... هەندی کەس پێم دەڵێن گرژو مۆنی.. بەهەرحاڵ من پێم وایە مرۆڤ گەر بەهیواوە بژی هەردەم گەشبین دەبێت. منیش هەمیشە هیوام هەیەو بۆ هیواکەشم دەژیم ئەویش بەردەوامیمە لەهونەرو بەروەپێشچوونی، چونکە ئاسوودەیی خۆمو گەلەکەم لەبەرەوپێشچوونی هونەردا دەبینم.

زنار: دوای ساڵانێک لە خزمەت لەوبوارەدا تاکەی ئەو گوڕوتینە بەردەوام دەبێت

نەجم هۆگر: بێکەسی شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێت﴿ عەشقی تۆ جۆرێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە.. سەد هەزار ساڵ ئاوی برژێنیتە سەر قەت گڕو کڵپەو بڵێسەی نەکوژێتەوە﴾ بەراستی کاتێ هونەر تێکەڵاوی خوێنت دەبێ دەبێتە بەشێك لەژیانت، هونەر پانتاییەکی فراوانی لەژیانم داگیرکردووە.. ئیدی چۆن خامۆش دەبێت.

زنار: یادگاریەکی خۆشی هونەری نەجم هۆگر

نەجم هۆگر: ئەو ڕۆژەی خەڵاتی باشترین ئەکتەرم بەدەستهێنا لە ڤیستڤاڵی شانۆی کوردستان لەشاری هەولێری خۆشەویست لەساڵی ١٩٩٤ لەشانۆیی(فەرهادو ئەزمونێکی نوێ)دا لەسەر ئاستی شانۆکارانی کوردستان.

زنار: بیرت لەکارێک نەکردۆتەوە تێکرای



هونەرمەندانی کوردستان لەخۆبگرێ

نەجم هۆگر: نەك تەنها من ڕەنگە زۆر هونەرمەندی دیکەش ئەو هیوایە بخوازێت بەڵام کەیو چۆن ئەوکاتە دێتە پێش ئەگەر بلوێت زۆر بە خۆشحالیەوە ئامادەم کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدەم ئەوە خەونێکە پێویستی بەزەمینە خۆشکردن هەیە.

زنار: خۆشەویستی.. ووشەیەک بۆ ئەو دونیا فراوانە

نەجم هۆگر: ئەو وشەیەیە کە هەموومان لەدووی دەگەڕێینو کەممان لێی تێدەگەین خۆشەویستی ڕاستگۆییە لەگەڵ ناخدا، تێگەیشتنە لەبەرامبەر، مرۆڤ بێ خۆشەویستی بونەوەرێکی دڕندەیە.

زنار: لەچی پەشیمانیت

نەجم هۆگر: لەکاتی هەڵچوونم، چونکە ئەوکاتانەی مرۆڤ لە هەڵچووندایە زۆر جار کارێکی وا دەکات لێی پەشیمان دەبێت.

زنار: جگە لە نواندنو دەرهێنان هۆنراوەش دەنووسی ئەمەیان چۆن

نەجم هۆگر: لەسەرەتاوە زۆرم حەز لە خوێندنەوەی هۆنراوە دەکردو شیعری شاعیرە کوردەکانم دەخوێندەوە، پاشان هەستم کرد بەهرەی شیعر نوسینم هەیەو دەستم پێکرد بەڵام ئاشکرام نەدەکرد لەساڵی ١٩٧٤وە شیعر دەنووسم.. خۆشەویستیم بۆ ژیان.. بۆ نیشتمان.. بۆ سروشت وام لێ دەکات لە دونیای ئەدەبەوە هەستو سۆزم دەربڕم. زیاتر لە(٣٠) هۆنراوەم کراوە بە گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانەوە.

زنار: ئەگەر نەجم هۆگر هونەرمەند نەبا چ دەبوو

نەجم هۆگر: هونەرمەند

زنار: خۆت بەقەرزداری کێ دەزانی

نەجم هۆگر: بە پلەی یەکەم دایکم، پاشان هەموو ئەو کەسانەی تەنها یەك وشەشیان فێر کردووم

زنار:کێشەی کەمی ئافرەت لە بواری نواندن چیە

نەجم هۆگر: تا ڕاددەیەك ئێستا خەریکە ئەو کێشەیە بەرەو کەمبوون دەچێت، هەڵبەتە تاوانەکەی بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێنمەوە.

زنار: چارەسەری ئەو گرفتە

نەجم هۆگر: دەسەڵاتو ڕۆشنبیری کۆمەڵگا تائەو کاتەی ڕێز لە هونەر نەگیرێ کۆمەڵگای ئێمە ڕۆشنبیری هونەری نەبێ زەمینە خۆش نابێ. هونەرمەندان خۆیان دەتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆ ئەوهاتنە پێشەوەیە.

زنار: پێت وایە دەبینە خاوەن ناسنامەیەک بۆ هونەری سینەما

نەجم هۆگر: ئێمە خاوەنی سینەما نین، بەڵام حەزی گەورەمان هەیە بۆی. زەمینە نەڕەخساوە پێداویستیەکانی سینەما لەبەردەست نین تەنها حەزو ئارەزوومان هەیە.

زنار: هەست ناکەی لێکچوونێک لە نێوان درامای ڕابوونو گەردەلوول دا هەیە

نەجم هۆگر: نەك لێك ناچن، لە سیناریۆ، دەرهێنان، ڕوئیا. ڕاستە باسی یەك سەردەم دەکەن، لەیەك کاتدا بەڵام بەدوو ڕوئیای جیاواز، بابەتی میللەتێك دەکرێ هەزاران درامای لەسەر بکرێ ئەگەر سەیری جەنگی جیهانیەکان بکەین بەهەزاران کاری لەسەر کراوە، پرۆسەی ئەنفال بەهەزاران کار ناتوانێ مافی خۆی بداتێ. هونەرمەند سەربەستە چ هەڵدەبژێریو کار لەسەر چ دەکا هونەرمەند بە ڕوئیای خۆی کاردەکا.

زنار: دەتەوێ لەڕێگەی هونەرەکەتەوە چ پەیامێک بگەیەنی

نەجم هۆگر: دەمەوێ وەك ئاوێنە بەها جوانەکان پیشانی جەماوەر بدەم

زنار: خەونەکانت چین

نەجم هۆگر: خەون بەوە دەبینم ئاستی هونەری ئێمەش بگاتە ئاستی هونەری جیهانیو پێناسەی تایبەتی خۆمان بە گەلانی دونیا بناسێنین.

زنار: سوپاس بۆ ئەوکاتەی بە زنارتان بەخشی

نەجم هۆگر: سوپاس بۆ ئێوەو هیوای سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ گۆڤارەکەتان.

# کەسایەتیو نهێنی گرەوی (ژیان) بردنەوە

و/ خدر ئیبراهیم

لەوەدا شادمان مەبن کە لە ناوەنددا بمێننەوە، چونکە مانەوەتان لەو بارودۆخەدا هەرکاتێك ئەگەری ئەوە دەهێنێتە پێشێ کە بکەون، یا بەپێچەوانەوە لوتکە بڵندەکانی سەرکەوتن بپێون. ئێوە بۆیە هاتوونەتە دنیاوە، تا براوەبن. ئەوە مەسەلەیەك نییە کە ئەوانیدی چی بەئێوە دەڵێن، یا لەئاست ئێوەدا چ رەفتارێك لەخۆیان دەنوێنن، بەڵکو مەسەلەگرنگەکە ئەوەیە کە تاچەند باوەڕتان بەوەیە هەستی بردنەوەتان لەگەڵ ژیاندا ئاوێتە بووە؟. بەڵام گرفتەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە ئێوە هەر لە سەرەتای ژیانتانەوە خو بە شکستهێنانەوە دەگرن، لەمنداڵیەوە دەکەونە بەر رەحمەتی گوتەو رەفتارەخراپەکانی ئەوانی دیو زۆر لەوانەش کاریگەریەکی "نەخوازراو" بەسەر ئێوەوە جێدەهێڵن. لەپێنج ساڵیدا، بەلای کەمەوە پێنج هەزارجار وشەی (نە ) دەبیستن!هەموو ئەو گوێبیستبوونانەش بەداخەوە لەگەڵ گەورەبونتاندا، نەك بەتەنها هەر لەنێوناچن، بەڵکو توندتر شەتەکتان دەدەنو هەژمونیان بەسەرتانەوە زیاتر لە رابردوو بەرین دەبێتەوە.

بەگوێرەی ئەم توێژینەوانەی تا ئەمڕۆکە ئەنجام دراون، هەر مرۆڤێکی ئاسایی لەبەرامبەر یەك وڵامی(باش)دا، لەگەڵ(٩)وڵامی (خراپ)و (نەخوازراو)دا رووبەڕوو دەبێتەوە. بەهەمان شێوەش ئەم روانینە خراپو نەخوازراوانە لەنێو کولتووری گەلاندا بەهەژموونو بالادەستن، زۆرترین پایە بازرگانیەکان بەجۆرێك دروست دەکرێن، کە لە ژیانتاندا هەست بەخەوشو کەموکورتی بکەنو وا وێنای بارودۆخی خۆتان بکەن کە لە ئێستادا خوازراوبێت. تەنانەت ئەگەر رۆژێك ژمارەی هەواڵە ناخۆشەکان کەم بن، بۆ ئەوە تێدەکۆشن کەلەرێی بەیادهێنانەوەی رووداوە تاڵەکانی رابردووەوە، بیروبۆچونە خراپەکان لەناو زەینتاندا بهێڵنەو. لەبەرەنجامی کە بۆچەندەهاجار خۆتان دەخەنە بەر تەوژمی بیروبۆچوونە خراپەکانەوە، ئیدی زەینیشتان وڵامە خراپەکان بەلای خۆیدا رادەکێشێت، هەموو ئەوەش وادەکات، تەنها لایەنە خراپەکانی پێشهاتەکان قبوڵ بکەن. لەوە بەدواوە خو بەشکستەکانەوە دەگرنو باوەڕدێنن کەئیتر واپێویست بکات، زۆر لەتوانا بەهێزەکانی خۆیان لەیاد ببەنەو. بەسەرهاتەکەی ئێمە بەسەرهاتی ئەو فاڵچیەیە کەلەبەرامبەر هەموو ئەوکەسانەدا کەسەردانیان دەکرد، یەك قسەی دەگوتەوەو دەیگووت " تادەگەنە تەمەنی پەنجا ساڵی، هەروا بەدبەختو خەمۆك دەمێننەوەو ناتوانن هیچ بەهیچ بکەن". کاتێکیش ئەو کەسەی سەردانی کردبوو، پێی دەگووت: ئەدی لەپاش پەنجاساڵیدا چی دەقەومێ؟. ئەو وڵامی دەدایەوە :-

هیچ شتێك، هەموو مەسەلەکە ئەوەیە لەسەر ئەوبارودۆخەی خۆتان رادێن... هەر بەو ئاسانیە!.

بەدەربڕینێکی دی، لەسەر ئەوەرادێن کە خراپە لەسەر خراپە وەکو دیوارێك



هەڵچنن. ئێوە واڕاهاتوون هەزاران دەستەواژەی خراپو نەخوازراو لەئاست خۆتاندا بڵێنەوە، بۆ نموونە بەخۆتان دەڵێن: تاقەتم بەوکارە ناشکێ. یاخود دەڵێن: هیچ ئامادەییو لێهاتوویيەك لەوزەمینەیەدا لەخۆماندا نابینم. ئەوکاتیش رووبەڕووی شەپۆلی بیروبۆچوونە خراپەکان دەبنەوە. بۆنموونە: ئەگەر بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك، بەمەبەستی دامەزراندنی کەسێك وەك کارگوزار لە فەرمانگەیەکدا، لەمیانی قسەکانیدا بڵێ: بۆئەمکارە پێویستیم بەکەسێك هەیە هەست بەبەرپرسیاریەتی بکا!، ئەوکەسە دەمودەست وڵامی دەداتەوەو پێی دەڵێت: خەیاڵتان ئاسودەبێت قوربان، لەهەر کوێیەك کارم کردبێ، ئەگەر هەرگێروگرفتێك هاتبێتەپێشێ، تەواوی بەرپرسیاریەتەکەیم لە ئەستۆی خۆم گرتووە!!.هەندێ جاری تریش ئێمە مانان لەگەڵ پێشبینی کردنی خۆیدا روبەڕودەبنەوە. هەروەك یەکێك لە دەروونناسەکان پێیوایە کە ٨٥٪خەڵکی دونیا خوویان بەچاوەڕوانکردنی پێشهاتە خراپەکان گرتووە. بۆنموونە.. کاتێك ئێوە لە فەرمانگەکاندا، لەپڕنووسراوێکتان لەبەڕێوەبەرەوە بۆدێو دەبینن تیایدا نووسراوە" دەمودەست سەردانی ژوورەکەم بکەن" ئایا لەوکاتەدا خەیاڵتان بۆچی دەچێت؟ ئایا بە خۆتان دەڵێن:تەواوە، ئەوە هەمان سەرەمووچەو پلە بەرزکردنەوەکەمە کە لەسەرەتای ساڵەوە چاوەڕێم دەکرد!. یاخود بەنیگەرانیەوە بەخۆتان دەڵێن: یانی چی، دەبێ چ هەڵەیەکم لەدەست قەومابێ؟!. بەشێوەیەکی گشتی ٨٥٪ی چاوەڕوانیەکان لەچەشنی چاوەڕوانیە خراپەکانن، لەوبارەیەشەوە قسەی یەکێك لەکەسایەتیە تەنزئامێزە ناسراوەکان هەیە کە دەڵێت: هەندێ کات مرۆڤ ناچارە تەواوی رۆژێکی خۆی بۆ دڵدانەوەی دۆڕاوو خەیاڵپلاوە خراپەکان تەرخان بکات.

★

ئەو گرفتەی کە لەمیانی تەوژمی بیروبۆچوونە خراپەکانەوە دێتەکایەوە، لەوەدا دەردەکەوێت کە ئۆتۆماتیکیانە (خود)بەرەو بیروبۆچوونە خراپەکان پاڵ دەنێتو لەراستیشدا خێرایی کێشکردنیان بەلای خۆیدا زۆرتر لێدەکات. کاتێك وابیردەکەنەوە کە ناتوانن کارێك ئەنجام بدەن، لەوانەیە راستیەکەشی هەروا بێت، چونکە کەسەکان کەمتر گووتەو بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەشارنەوە، زۆر بەکەمیش هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن لەچوارچێوەی ئەو سنوورە دیاریکراوە بێنە دەرەوە کەبۆخۆیان لەبەرچاو گرتووە.لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر ئەو دەستەواژەیەی بەخۆتانی دەڵێن، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنن، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەنجامێکی باشتر لەوە دەبینن. ئێوە لەتواناتاندایە بەسودوەرگرتن لە( هێزی وشەکان) سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بخەن. وەرزشکارە قاڵبووە شارەزاکان بەتەواوی لەو مەسەلەیە بەئاگان، گوێ بۆقسەکانیان هەڵبخەن، ئەوان(١٠٪)ی سەرکەوتنەکانیان بۆ توانا

جەستەییەکانیان دەگێڕنەوەو(٩٠٪)ەکەی دیکەشیان دەیبەنەوە سەرتوانا زەینیەکانیان. ئەوان تێگەیشتوون کە بەگۆڕینی بیروبۆچوونەکانیان لەتوانایاندایە ( چیەتی‌و کێیەتی)و جێگەو پێگەی خۆیان ئاڵوگۆڕ بەسەردا بهێنن کەواتە ئێوەش لەتواناتاندایە ئەوە بکەن!.(دنیس ویتل) لەکتێبی (دەروونزانی سەرکەوتن)دا دەڵێت: تەواوی ئەو کەسە سەرکەوتوانەی گفتوگۆم لەگەڵدا کردوون، لەو چەشنە کەسانە بوون کەلەهەر هەنگاوێکی نێوژیان‌و لەهەر رۆژێکیاندا دەستەواژە باشەکانیان بۆخۆیان دووپاتکردۆتەوە.ئێوە بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی زۆرتر بەدەست بهێنن، یاخود بۆئەوەی بەرگی کار بەجەستەی زۆر لە ئامانجەکانتان بپۆشن، واپێویست دەکات ئازایانە بەسەرزەمیندا هەنگاو هەڵگرن‌و (دەستەواژە باشەکان)بکەنە فەرمانڕەوا بەسەر زەیناتان.

ئەگەر دەخوزان لەرووی جەستەییەوە ساغ‌و سەلامەت بن، واپێویست دەکا خۆراك بەجەستەتان ببەخشن. بەلاّم ئەگەر دەخوازن بەرەنجامی زۆر باشتر لەوە بەدیبێنن کە لە(ناوەند)دا بەدیتان هێناوە، دەبێ رووحیەت‌و دەرونتان تێرخۆراك بکەن. خودی خۆم بەتەواوی لەو مەسەلەیە دڵنیام، چونکە چەند ساڵێك لەمەوبەر کاتێك زۆر بەدژواری نەخۆش کەوتبووم، توانیم بەهۆی قسە بەخۆگووتن‌و بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەو جەختکردنەوەیان تیادا سەرلەنوێ سەلامەتی خۆم بەدەست بهێنمەوە. ئەو دەربڕینانەی کە لەناواخنیاندا جۆرێك لەجەختکردنەوەیان تیادایە، یاریدەی ملیۆنەها مرۆڤیان داوە تاکو بتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. من بۆخۆم چەندینجار ئەوەم لەو کەسانە گوێلێبووە کەسەردانیان کردووم، ئەوان بەمنیان دەگوت، کەوا چۆن توانیویانە تەنها لەرێگەی ئەو چەشنە دەربڕینانەوە کە جەختکردنەوەیان تیادایە، وابکەن دۆخی کارەکەیان لەخراپترین دۆخەوە بۆباشترین دۆخ بگۆڕن، بەڕادەیەك کە جێگەی باوەڕیان نەبێت، یا توانیویانە ٣٠ کیلۆ لە کێشیان کەم بکەنەوە، لەکاتێکدا کە هیچ کەسێکی دی نەیتوانیوە ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدات. ئەو دەربڕینانەی کە جەختکردنەوەیان تیادایە، کاریگەریە خراپەکانی رابردوو بەسەر ژیانتانەوە ناهێڵن، دەشتوانن توانستی راستەقینەی خۆتان دەربخەن. ئەو دەربڕینانەی کە جەختکردنەوەیات تیادایە، ئاسان‌و دلنیاییان تیادایە، لەخێرایی کارکردنیان لەوپەڕی پایە بڵندیتان. کەواتە هەر لە ئێستاوە، بەتەواوی بوونتانەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە دوپاتکردنەوەی (دەربڕینە جەخت لەسەر کراوەکان) لەنێوژیانتاندا پەیڕەو لێ بکەن،تا لەسات بەساتی ژیانتاندا سوود لەبەرنجامەکانی وەربگرن.

سەرچاوە: گۆڤاری (موفقیت)

مــۆراڵ

# (مەرگی جوانیەکان)



پەیوەندعومەر

کەباس لەمردن دەکرێت راستەوخۆ دەچینە لای ئەو حەقیقەتەی کە ئەوە مەرگی بەشێك لەژیانە، هەمووشتەکان بەمرۆڤو زیندەوەرو تەنانەت شتە بێگیانەکانیشەوە ژیان پێکدەهێنن، ئەمە حەقیقەتی سروشتە، کاتێ مرۆڤێك دەمرێ واتا موهیبەی خاڵی دەبێتەوەو بۆشاییەك لەژیاندا دروست دەکات، هەروەکو ئەو بەردەی لەڕەوەزێك دێتەخوارەوەو بۆشاییەك لەشاخەکە دروست دەکات، یاخود گوڵێك بەمردنی حورمەت‌و پەرژینی باخچەیەك دەشکێنێ. کەواتە کۆژیانێك هەیە کە هەریەکەمان بەشی خۆی هەیە، یاخود هەریەکە لەئێمە بریتین لەوخاڵ‌و پنتانەی کەتێکڕایان وێنەی ژیان دەکێشن، نەبوونی ئەو خاڵ‌و پنتانەش جۆرێك لەناتەواوی دروست دەکەن کە پێویستە ئەم هاوکێشە ژیاندۆستیە لای تاك تاکی ئێمە هەبێ بۆ ئەوەی نەك هەست بەزەروریات‌و مانەوەی یەکتری بکەین، بەڵکو لەهەوڵی پاراستنی بەردەوامی ژینگەدابین. دەبێ هەست بەوە بکەین کە هەرشتێك کەدەمرێ، واتە لەژیان خاڵی‌و سفردەبێتەوەو راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئێمەدروست دەکات، مردن گەیشتنی حەقیقەتی ژیانە، بەلاّم ژیاندۆستی هەمیشە دەبێتە جۆرێك بەربەست لەبەردەم مردنێکدا کە ژیان دادەخورێنێ( گەلێ گریاوە شارێ بۆ مەزارێ... دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شارێ) بۆمانەوەی ژیان پێویستیمان بەو رێگاگرتنەهەیە، کەلەومردنە ناسروشتیانە دورمان دەخاتەوە، کەلەیەك مرۆڤو یەك گیاندارو یەك گوڵدا هەموومان دەکوژێت، بۆئەوەی من بژیم دەبێت تۆ هەبی، بۆئەوەی هەست بەژیانی خۆم بکەم، دەبێ ژیانی تۆ هەبێ. ئەگەر رقم لەتۆ هەستا قوربانی بەبەشێك لەژیانی خۆم دەدەم، چونکە تۆ لەخولگەو هەسارەیەکدا بەشداری کە ماڤ من بەشێکە لەو هەسارەیە. مردنی تۆ بەشێك لەماڤ من دەکوژێ، هەستکردن بەم هیومانستیەلەزۆرکاری نادروست‌و ژیانکوژی دورمان دەخاتەوە. ئەم تیرۆرەی کە ئەمڕۆ دنیا تێیدا گرفتارەو دەیەوێ نەك خاڵ‌و پنتەکان هەڵوەرێنێ، بەڵکو تەواوی وێنەو سکێچەکانی ژیان لەناوبەرێ، هەست نەکردنە بەم جۆرە هاوکێشەیە. نەمانی ئەم هاوکێشەیە، هەرئەوەنییە کەژیان پەرتەوازەو شلەژاوبکات، بەڵکو تەواوی شتەکە پێچەوانەدەکاتەوە. بەمردنی من ژیانی ئەو بۆگەن دەبێ، بەکوژانەوەی من لەهەسارەکەی ئەودا، وادەزانێ ئەو دەبێتە ئەستێرەو وەك مانگی سەربەخۆ درەوشێتەوە. رق‌و سفرکردنی من یەکسانە بەدەرکەوتن‌و بەرجەستەبوونی ئەو، کەواتە بۆئەوەی ئەو بژی دەبێ من بمرم. مەرگ خاڵیبوونەوەی شتەکان لەژیان، ئەو حەقیقەتەی بەردەوام زیندەوەرەکان لەناویدا گەمە دەکەن. دەبینن‌و کەچی حەیران دەبن پێی، سەیردەکەن کەچی هیچ خوێندنەوەو تەعریفێکی کۆنکرێتیان بۆی نییە، مێژوو کولتووری ئێمە لێوان لێوە لەرق‌و کوشتن‌و لەناوبردن‌و ئەتکردنی بەردەوامی بەشێك لەژیانی خۆمان.

مۆدێلی ژیاندۆستی ئێمە بەمانی ئەوان دەستپێناکات بەڵکو بەمەرگی ئەوان کۆتایی دێ، ژیانی من پابەندنییە بەمانەوەی دەرەوەی خۆی بەڵکو بەمەرگی ئەویتر دەردەکەوێ، جوانی من یەکسان نییە یاخود بەشێك نییە لەجوانی تۆ، بەڵکو بەمەرگی تۆ بەرجەستەدەبێ. گەڕان بەشوێن جوانی‌و حەقیقەتی خۆمان لەناو کولتوورو مۆدێلاتی ژیاندا هەمیشە لەمەرگی ئەوانی دیکەدا دەرکەوتووە. کەواتە ئەوەی لە کولتووری ئێمەدا بەژیان کوژ ناودەبرێ‌و دەردەکەوێ، گەڕان بووە بەدوای بەرجەستەکردنی جوانیدا. لەمردنیشدا گەورەیی‌و ژیان هەیە، وەختێ ژیاندۆستی‌و قبوڵکردنی تۆ وادەکات بەشێك لەژیانی خۆم بدەم بەتۆ، وەختێ زنجیرەی ژیاندۆستی خۆم بەتۆوە گرێ دەدەم، ئێمە هەرهەمووان بریتین لە کەلوی ئەو زنجیرەی کە هەریەکە لە ئاڵقەکانی لەناویەکدان‌و تێکڕایان فۆڕمی زنجیرەکە دروست دەکەن، کەوتن‌و پچڕانی کەلوەکان بەهاوفۆرمی زنجیرەکە ناهێڵێ. ئەم زنجیرە ئەندازەییە دەکرێ بەردەوام لەفراوان بووندابێ بەفراوانبوونی هاتنە ناوەوەی ژیانی هەریەکەمان. دەکرێ ئەو کەلوو ئەڵقەیەی من دەگەیەنێ بەتۆ، توشی پێکان‌و لەتبوون بێ، بەلاّم گرنگی من لەوەدایە قوربانی بدەم‌و تۆبگەیەنم بەکەلووی دوای خۆم، بەم شێوەیە ژیان بەدەوام لەنوێ بوونەوەدا دەبێ‌و بەردەوامیش جوانیەکان دەهێڵێتەوەو تەنانەت مەرگیش لەم هاوکێشەجوانەدا دورناخاتەوە.

# یادێك لە محەمەدی میهری



**ن: جوتیار تۆفیق هەورامی - سوید**

**کورتەیەک دەربارەی ژیانو بەسەرهەمەکانی**

لە مێژووی نەتەوەکەماندا گەلێك کەس دڵسۆزانە لە پێناو بوژاندنەوەو بەرەوپێشبردنی زمانو کلتوری کوردیدا تێکۆشاونو رەنجیان داوە، کەچی هەندێکیان نەژیاننامەیان دیارەو نە کورتەیەك لە بیۆگرافیایان نوسراوەتەوە. زۆر کەسی وامان هەن لەو وتارو شیعرانەوە کە لەگۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویانکردونەتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە چەند دڵسۆزی وڵاتو نەتوەکەیان بوون، کەژی ئەمرۆ ئێمە لەناوی خۆیان(یان نازناوەکەیان) بەولاو هیچی دیکە دەربارەیان نازانین! محەمەد میهری یەکێکە لەو روناکبیرو تێکۆشەرە کوردانەی کە هەتاکو چەندساڵێك لەمەوپێش بیۆگررافیو ژیاننامەی بە نارۆشنی مابووەو لەهەندێك زانیاریی پەرشوبڵاو بەولاوە شتێکی دیکەی دەربارە نەنوسرابوو. ئەو کورتەیەش کە لێرەو لەوێ سەبارەت بەژیاننامەی ئەو نوسرابوو، لە هەندێك زانیاریی تێکەڵو پێکەڵ زیاتر هیچی دیکە نەبوو. ئیدی من لێبڕاوانە کەوتمە سۆراخکردنی ژیانو بەرهەمەکانی. سەرەتا ئەوی پێشتر لە کتێبو گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا دەربارەی نوسرابوو لای خۆم یادداشتم کردنو سەرجەم کورتە لێکۆڵینەوەیەکم لێ بەرهەمهێناو ساڵی ١٩٨٩ لە ژمارە (١٥٨)ی گۆڤاری(بەیان)دا بڵاومکردەوە. بە ئاواتەوە بووم کەسێك زانیاری زیارتی لابێتو گۆشەیەکی دیکە لە ژیاننامەو بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە دڵسۆزو پڕ خزمەتە روون بکاتەوە. بەڵام بابەتێکی لەو جۆرەم نەکەوتە بەرچاو. پاشتریش هەر بەهەمان مەبەستو وەك یادکردنەوە، لە رۆژنامەی(کوردستانی نوێ) و گۆڤاری(سروە)دا کورتەیەکم دەربارەی ژیانوبەرهەمەکانی محەمەدی میهری بڵاوکردەوە.ساڵی ١٩٩٩ پەریمە وڵاتی سویدو لەوێ نیشتەجێبووم. گەلێك لە نوسەرانو لێکۆڵەرەوانی باکووری کوردستانم لەنزیکەوە ناسی. بەو پێیەی کە ئەوان زمانی تورکی دەزاننو ئاگادارن لە کتێبو سەرچاوە تورکییەکاندا چی دەربارەی نەتەوەکەمان نوسراوە، محەمەد میهریش بەشی زۆری ژیان لە ئەستەمبوڵ بەسەر بردووەو هەر لەوێش کۆچی دواییکردوە، سەبارەت بە بیۆگرافییو وێنەی فۆتۆگرافی ئەو پرسیارم لێکردن، بەڵام هیچی ئەوتۆم دەستگیر نەبوو. یەکێك لەوکەسانە نوسەرو لێکۆڵەر( رۆهات ئالاکۆم)بوو. ئەو لەو بارەیەوە گووتی﴿ من پاش گەڕانێکی زۆر چەند وێنەی دەگمەنم پەیدا کردووە، یەکێکیان وێنەی محەمەدی میهریەو پێشکەشتی دەکەم﴾ بە سوپاسێکی زۆرەوە وێنەکەم لێوەرگرتو لێرەدا بۆ جاری دووەم لەگەل ئەو لێکۆڵینەوەیەدا بڵاویدەکەمەوە. هەروەها(مەحمود لەوەندی) سەرنجمی بۆ ئەوە راکێشا کە تیچکۆشەری نەتەوەکەمان(موسا عەنتەر)لە بیرەوەریەکانیدا چەند دێڕێکی دەربارەی محەمەد میهری نوسیوەو خۆی ئەو پەڕەگرافەی بۆ کردمە کوردی.

**کورتەی بیۆگرافیی محەمەد میهری:**

محەمەدی میهری رۆژنامەنوس، شاعیر، نوسەر، یاساناسو کەسێکی نیشتمانپەروەرو رۆناکبیرێکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان بوو. ساڵی ١٨٨٩ لەگوندی(دشە)ی نزیك شارۆچکەی(پاوە) لە ناوچەی جوانرۆ، لەرۆژهەلاتی کوردستان هاتۆتە دونیاوە. محەمەد میهری کوڕی مەلا عەبدوڵلای مفتی، کوڕی مەلا مەحمود، کوڕی مەلا محەمەد، کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەو نەوەی موزەفەرخانی جوانرۆیە. دایکیشی کچی سەید شەهابەدینی تاڵشییە. محەمەد میهری چەند براو خوشکی هەبووە، لەوانە ( محەمەد سدیقی مفتی زادە، مەلا خالیدی مفتی، مەلا مەحمودی مفتی...... سەرەتا لای باوکی دەستی بەخوێندن کردوە ئینجا چووەتە شاری سنەو لەوێش لای چەند مەلای ناسرراو خوێندوویەتی، پاشان چووەتە شارۆچکەی بیارە، ئینجا چووەتە سەردەشتو لای مەلا قادر درێژەی بە خوێندن داوە. پاشان بەرەو شاری هەولێر رۆیشتووە. لەوی لای مەلا ئەوبوبەکر (ناسراو بە مەلا گچکە) خوێندوویەتی، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو بەرەو (دشە) گەڕاوەتەوە. ماوەیەك لە شاری سنە بووەتە مەلاو دەرسی بە مندالانی کورد گوتوەو فێری خوێندەواریی کردوون. لەو سەردەمەدا چەند هۆزو تیرەیەکی دەوروبەری سنە لەناو خۆیاند بەشەڕدێن، ئەو بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە هیچ کام لە لایەنە شەڕ کەرەکانەوە هەبوبێت، لەو شەڕەدا تێوەگلاوەو بریندار کرواە. کاتێك چاك بوەتەوە بڕیاری داوە ئەوناوچەیە چێبهێڵێتو بەرەو باکوری کوردستان رۆیشتووە. ماوەیەك لەشاری قارس بووە، پاشان چووەتە شاری ئەرزەڕۆم، دوایی بەرەو ئەستەمبوڵ رۆیشتووەو لەوێ نیشتەجێبووە. ئەودەمە شار ئەستەمبوڵ ببوە مەکۆی لاوە ئازادیخوازو تێکۆشەرەکانی کوردو ژمارەیەکی زۆر لە روناکبیرانی کورد لەو شارەدا بەکاری رۆژنامەنوسیو چالاکی رێکخراوەییەوە خەریك بوون. میهری تێکەڵی ئەوانە بووە. ناسیوە. بە پشتگیری ئەوان لە کۆلیژی (حقوق)وەرگیراوەو پاش چەند ساڵ لە خوێندن بڕوانامەی دیپلۆمی لە یاساناسیدا وەرگرتووەو بوەتە پارێزەر٠یاساناس). ساڵی ١٩١٢ خوێندکارو لاوانی کورد لە ئەستەمبوڵ ﴿ جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان کرد گلبە هیوی جمعیتی) دادەمەزرێنن، محەمەد میهری بەگەرمی هاوکاریان دەکاتو چالاکانە لەگەڵیاندا تێدەکۆشێتو لەهەردو گۆڤارەکەی ئەو کۆمەڵەیە، گۆڤاری﴿ رۆژی کورد﴾ و﴿هەتاوی کورد﴾دا، گەلێك وتارو بابەتی بەنرخ دەنوسێت. پاشتریش یەکێك بووە لە لەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ﴿ کوردستنا تعالی جمعیتی - کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان﴾، کە لە ١٧ /١٢/ ١٩١٨ دا لە ئەستەمبوڵ لەلایەن کۆمەڵێك رۆناکبیرو تێکۆشەری کوردەوە دامەزرێنراوە. هەر ئەو دەستە رۆناکبیرە ساڵی ١٩١٨و١٩١٩ رەزامەندیی دەرکردنی دوو گۆڤار وەردەگرن، سەرەتا گۆڤاری﴿ژین)و پاشانیش گۆڤاری﴿کوردستان﴾ دەردەکەن. محەمەد میهری دەکرێتە﴿ خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری﴾ گۆڤاری﴿ کوردستان﴾و بەگەرمی هاوکاریی﴿ژین﴾یش دەکات. لەو دو گۆڤارەدا گەلێك وتارو هۆنراوەو بابەتی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتیو زمانەوانی (بە کوردی، تورکی، عەرەبی) بە نازناوی ﴿ میهری، کاکەحەمە، عرفان، م.م، داوەر ئەردەلانی، زەهاوی زادە أ.م)و چەند ناوی خواستراوی دیکەوە بڵاودەکاتەوە. ساڵی ١٩٢٠ میهری ژیانی خێزانی دەستپێدەکاتو لەگەڵ﴿شازییە خانم﴾دا کە ژنێکی قەفقاسی بووە، دەبنە هاوسەری یەکتر دواتر سێکچ بە ناوەکانی﴿لەمیعە، سوهەیلە، لەیلا﴾و دوو کوڕ بەناوەکانی ﴿ سەلاحەدینو نەجمەدین﴾یان لێ پاشەکەوت بووە. رۆژی هەینی ١٩ /٤/ ١٩٥٧لەشاری ئەستەمبوڵ دڵی محەمەدی



میهری له لێدان دەکەوێت‌و له یەکێك له گۆڕستانەکانی ئەو شاره به خاکدەسپێردێت. نەجمەدین مەلا له وتارێکدا وەسفی دڵسۆزی‌و نیشتمانپەروەری محەمەدی میهری کردوەو نوسیویەتی ﴿ هەمیشه بیروهۆشی لەلای نیشتمان‌و نەتەوەکەی بوه، ئاواتی سەربەرزی‌و ئازادی کوردستان بوه. زۆر به ئاواتەوه بوه هەلی بۆ هەڵکەوێ‌و به ئازادی بگەڕێتەوه کوردستان‌و لەنێو نەتەوەکەیدا بژی﴾.

## بەرهەمەکانی محەمەدی میهری

محەمەدی میهری لەپاش خۆی گەلێك شیعرو وتارو لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بۆ بەجێهێشتووین که لەکاتی خۆیدا له رۆژنامەو گۆڤاره کوردیەکاندا بڵاویکردونەتەوه. بەڵام ئەو زیاتر لەهەر بوارێك دەربارەی زمانی کوردی‌و دیالێکتەکانی‌و هەوڵدان بۆ سازکردنی زمانی ستاندرای کوردیی نوسیوه. بەو پێیەی که خۆی له گوندێکی ناوچەی هەورامان لەدایکبوەو لەوێ گەوره بووه، هەر لەمنداڵیەوه به دیالێکتی هەورامی پەیڤیوه. پاشان بۆ درێژەدان به خوێندن گەلێك شارو دێهات‌و ناوچەی کوردستان گەڕاوەو فێری چەند دیالێکت‌و شێوه زمانی کوردی دیکه بووه. کاتێکیش پەڕیوەتەوه ئەستەمبوڵ‌و لەوی نیشتەجێ بووه، بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵه رۆشنبیری‌و سیاسیەکانی کوردەکانی ئەوێ هەبووەو بەشداری چالاکییەکانی کردوون.

بەشی زۆری ئەو روناکبیرو تێکۆشەرانه خەڵکی شارەکانی باکووری کوردستانن ﴿وەك: دیاربەکر، ماردین، وان، سیرت، ملاتییه،...﴾بوون‌و به دیالێکتی جۆراوجۆری کوردی پەیڤیون. ئیدی لەوانیشەوه، تارادەیەك شارەزای دیالێکتەکانی کرمانجی ژورو، زازاکی، دملی،.... بوه. دیاره خۆشی ئارەزووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی هەبووه، یان دەرکی به بوونی بۆشایی لەو بوارەدا کردووەو به پێویستی زانیوه که دەربارەی دیالیکتەکانی زمانی کوردی‌و بەرنامەدانان بۆ سازکردنی زمانی ستانداردی کوردی بنوسێت. دکتۆر ئەورەحمان حاجی مارف لەکتێبی(رابەری سەرچاوه لەبارەی زمانی کوردیەوه)له دوو توێی چەند لاپەڕەدا ئاماژەی بۆ زۆربەی وتارو لێکۆڵینەوەکانی محەمەدی میهری کردوەو چوختەی بیروڕاو سەرنجەکانی ئەوی خستۆتە بەرچاو. لەبارەی زنجیره وتارەکەی محەمەد میهری که لەگۆڤاری(هەتاو)ی هەولێر لەژماره(٧٤) له ساڵانی ١٩٥٥- ١٩٥٦دا له ژێر ناوی﴿ زمانی کوردی یەگ جۆره شێوەکانی زۆره﴾ له ژماره(٦٠)ـەوەتا ژماره(٦٨) لەسەروو ناونیشانی وتارەکەوه﴿یەکێتی زمانی کوردی)ـیش نووسراوه. له ژماره(٤٧تا٧٤)ی گۆڤاری(هەتاو) جگه له ژماره(٤٩تا٥٣)دا بڵاوکراوەتەوه. مامۆستا محەمەدی میهری له ئەستەمبوڵەوه ناردوویەتی. نووسەر لەم زنجیره وتارەدا به شێوەیەکی دوورو درێژ لەبارەی دیلێکتەکان‌و بەشه دیالێکتەکانی کوردیەوه دواوەو شێوەی ئاخاوتنیانی دیاری کردووه. سەبارەت بەڕێزمانی کوردی‌و وێکچوون‌و جیاوازیی نێوان دیالێکتەکانی کوردی کۆڵیوەتەوه. وەلامی بیروڕای ناڕاست‌و هەلچەی رۆژهەڵاتناسانی داوەتەوه. باسی نەژادو ئەسڵی کوردی کردووه.هەر لەهەمان کتێبدا دکتۆر ئەورەحمان حاجی مارف دەربارەی ئەو زنجیره وتارەی محەمەدی میهری نوسیوه که لەگۆڤاری(کوردستان)ی ئەستەمبوڵ ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠بەناوی خواستراوی(م.م)ـەوه بڵاویکردۆتەوه. لەورووەوه نوسیویەتی ﴿ئەمه زنجیره وتارێکی محەمەد میهریه بەناوی(اساس)ـەوەله ژماره(٢,٤,١٠,١٥,١٦,١٨,١٩)ی گۆڤاری کوردستانی ئەستەمولدا، ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠ بڵاویکردۆتەوەو باسی رێزمانی کوردیه. له ژمارەی(٢)دا هەندێ رای گشتی لەبارەی رێزمانی کوردیەوه خستۆته پێش چاوو ئینجا دەڵێ: هەوڵی لێکۆڵینەوەی رێ.مانی کوردی دەکرێ به دوو بەشەوه- رۆژهەڵاتی‌و رۆژئاوایی. رۆژئاوایی زووتر دەستی پێکراوه. له ژماره(٤)دا واڕادەگەیەنێ، که ئەوەی دەربارەی رێزمانی کوردی له رۆژهەڵات نوسراوه زۆربەی چاپ نەکراوه. ئەوەی لەلایەن(حاجی فخر المالیکی ئەردەلانی ناچری ماڵیەی ئێران)ـەوه نوسراوەن چاپکراوه. ئەم کتێبه که(٣٠) ساڵێك لەمەوبەر چاپکراوه من تائێستا نەمبینیوه... لەکۆتایی ئەم بەشەدا دێته سەرباسی کتێبەکەی خۆی‌و دەڵێ: من کەباسی شێوەکانی کوردی دەکەم‌و نموونەیان لێدەهێنمەوه مەبەستم یەکخستنیانه. لەژماره(١٠)دا باسی چۆنیەتی دانانی کتێبەکەی دەکاو دەڵێ: هەرچەنده پێویست بوو کارێکی وا لەلایەن لیژنەیەکەوه بکرێ، ئەگەرچی ئەمه بۆ کورد هەڵنەکەوتوه، بەڵام منیش درێغیم نەکردووه. پاشان باسی گیروگرفتی نووسینی کتێبەکەی دەکاو بەتایبەتی ئەوەی که نەیزانیوه کام شێوه بکا بەناغه. لەژماره٠١٥و(١٦)دا باسی چاووگی کوردی کردوەو بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشی کردوون. ئەوەی له ژماره(١٨)دایه دەربارەی کردارەکانی ئێستاو کرداری فەرمانەوەیه﴾ ( دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف له هەمان کتێبدا دەربارەی ئەو زنجیره وتارەشی که محەمەد میهری بەناوی خواستراوی(عرفان)ـەوه له رۆژنامەی ﴿کوردستان﴾ی ئەستەمبوڵدا، ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠بڵاویکردۆتەوەو دەربارەی نوسیویەتی (ئەمەش دیسانزنجیره وتارێکی محەمەدی میهریه بەناوی((عیرفانەوه))له ژمارەکانی(١,٢,٤,١٠,١٥,١٦,١٨,١٩)ی گۆڤاری (کوردستان)ی ئەستەمولدا، کەلەڕێکەوتی ساڵانی١٩١٩-١٩٢٠دەکات بڵاویکردۆتەوەو لەبەشی ژماره(١)دا لەوه دواوه، که ئەوەی لەلایەن زانایانی رۆژهەڵات‌و رۆژئاواوه لەبارەی زمانی کوردییەوه نوسرراوه بۆ مەبەستی سیاسی بووه. لەنێو ئەو کارانەی رۆژهەڵاتدا باسی بەرهەمەکەی یووسف چیا پاشای خالدی کردووەو لەگەڵ ئەوەی بەکارێکی باشی داناوه، رەخنەی توندوتیژی لێدەگرێت‌و لەبەشی ژماره(٢)دا رەخنه له یوسف چیا پاشا دەگرێ‌و دەڵێ: ئەو عەرەبەو ویستوویەتی کورد بکات بەعەرەب. نووسەر لێرەدا چەند نمونەو بەڵگەیەکی مێژوویی دێنێتەوه بۆ نیشاندانی ئەوەی که کورد میللەتێکی رەسەنەو نەعەرەبەو نەفارسه. لەژماره(٤)دا وا رادەگەیەنێ که یووسف چیائەددین هەموو شێوەکانی کوردی نەزانیووه بۆیه نەیتوانیوه بچێته نێوزمانی کوردییەوه. لەبەرئەوەی خۆی عارەبەو کورد نیه توانای ئەوەی‌نەبووه قوڵ ببێتەوه. هەروەها دەڵێ: ئەگەر لەزمانی کوردیدا وشەی تورکی‌و عەرەبی هەبێت واناگەیەنێ که ئەم زمانه رەسەن نییه، چونکه هەموو زمانێکی سەرئەم زەمینه هەر بەو چەشنەیه. لەژماره٠١٠)دا باسی کتێبێکی چاپکراوی(خەلیل خەیاڵی) دەکات‌و دەڵێ:ئەمیش هەڵەی ئەوەیه که هەر دەربارەی شێوەی ژووروەو وێڕای ئەوەش کتێبەکەی یووسف چیائەددینی کردووه بەسەرچاوەی سەرەکی خۆی. نووسەرپاشان دێته سەر کتێبەکەی خۆی‌و دەڵێ: هەرچەنده بەشێکی زۆریم لەوەی (خەلیل خەیاڵی)یەوه وەرگرتووه، بەڵا/ زادەی بیری خۆمم بەکارهێناوەو بەزمانی کوردیدا گەڕاوم. ئەگەرچی لەشێوەی



جیاجیاوە وشەم کۆکردۆتەو، بەڵام منیش هەتا ئێستا لەسەدا دەی زمانی کوردی نییە. لەژمارە(١٥)یشدا باسی هەندێ کێشەی ڕێنووسی کوردی کراوە. لەژمارە(١٦)و(١٨)و(١٩)یشدا کۆمەڵێ ووشەی کوردیو عەرەبی هێنراوەتەوەو لەگەڵ یەکتر بەراورد کراون﴾ جگە لەو وتارەو بەرهەمانەی کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاویکردونەتەوە، چەند کتێبێکیشی چاپکراوەو بلاوکراونەتەوە، ئێمە زانیاریمان تەنها دەربارەی ئەو دووانەیان هەیە:

١-مقدمە العرفان، ساڵی١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە. ئەم کتێبە دەربارەی دەستوورو ڕێزمانی کوردییە

٢-فەرهەنگی(کوردی – تورکی- عەرەبی - فارسی – فەرەنسی)، لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە

لەمانگی نۆڤیمبەری ١٩٥٢دا مامۆستا گۆران دەبێتە بەرپرسی ڕۆژنامەی(ژین) لەشاری سلێمانی. نزیکەی دووساڵ لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە خەریك دەبێتو دەیبوژێنێتەوەو هەوڵدەدات نوسەرانو شاعیرانی دەرەوەو ناوەوەی وڵات لەدەوری کۆبکاتەوە. محەمەد میهریش، لە ئەستەمبولەوە ناو بەناو شیعرو وتار بۆ ڕۆژنامەکە دەنێرێ. وای بۆ دەچم کەمحەمەد میهری لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی شام وەك﴿ ڕۆناهی، هاوار، ڕۆژانو، ستێر﴾و ئەوانەی عێراق وەك ﴿گەلاوێژ، زاری کرمانجی، ڕۆناکی،........﴾ یشدا شیعرو وتاری بەناوی خۆی یان ناوی خواستراوەوە بلاوکردبێتەوە! بە پێی هەندێك زانیاریی شیعرو بەرهەمی دیکەشی هەبوونو بەدەستنوسی ماونەتەوە. ئومێدەوارین نەفەوتابنو لەدەرفەتێکدا دەستبخرێنو بلاوبکرێنەوە. لەوانەشە بیرەوەریەکانی خۆی نوسیبێتەوەو لەگەڵ دەستنوسەکانی دیکەیدا کەوتبنە لای کوڕو کچەکانی. ئەگەر کەسێك بگاتە لای کوڕو کچەکانی، گومانی نییە کە نووسینو وێنەو نامەو بەلگەنامەی بەنرخی دەستگیردەبێت. گیوموکریانی لەژمارە(٧٥)ی گۆڤاری هەتاودا نوسیویەتی﴾ زانای بەرزو ئاشناو پسپۆری مەزن مامۆستا محەمەد میهری کە لە ئەستەمبوڵەوە دەستی یارمەتی بۆ هەتاو درێژکردبوو بە شیرینترین شێوەو ڕاوێژ کەلێنی(یەکێتی زمانی کوردی) لە هەتاوی ژمارە(٤٧)پڕ کردبووەوە، داخی گرانم ڕۆژگاری چەپگەڕ ئەویشی پێ ڕەوا نەدیتینو بەهۆی نەخۆشی پێنووسی لەدەست دەرهێناو مەیدانی نەدا کە خزمەتی زمانی کوردییەکەی بگەیەنێتە سەر﴾. مووسا عەنتەر لە بیرەوەریەکانیدا زۆر تاریفی لێهاتووییو دلسۆزیی میهری کردوەو ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کەچەند زمانی زانیوەو شارەزای دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی کوردی بووە. پاشان نوسیویەتی﴾لە ١٩٤٨دا دەستمان بە دەرکردنی هەفتەنامەی(دیجلەکایناگی) (چاڤکانیا دیجلە – چاوکی دیجلە- سەرچاوەی دیجلە)کرد. محەمەدی میهری حەوت وتاری بە توورکی بۆ ناردینو لەو هەفتەنامەیەدا بلاومانکردەوە. ساڵی ١٩٥٢ عەلائەدین سجادی کتێبی(مێژووی ئەدەبی کوردی)بلاودەکاتەوە. کاتێك میهری ئەو کتێبەکەی دەستدەکەوێتو دەیخوێنێتەوە، بەلایەوە زۆر بەنرخ دەبێتو نامەیەکی جوان بۆ عەلائەدین سجادی دەنوسیو دەستخۆشی لێدەکاتو کتێبەکەی بەرز دەنرخێنێت. لەکۆتایی نامەکەیدا بەم جۆرە ناوی خۆی نوسیوە: لە محامیو مدەریسانی ئەستەمبوڵ: محەمەد میهری کوڕی مەرحوم مەلا عەبدوڵڵای دشەیی ١-٩-١٩٥٤.(

**نمونەی چەند شیعرێکی محەمەد میهری:**

محەمەدی میهری زۆربەی دیالێکتە کوردییەکانی زانیوەو لەوتارو هۆنراوەکانیدا وشەو دەستەواژەی شێوە زمانە جۆراوجۆرەکانی کوردی بەکارهێناوە. تا ئێستا شیعرەکانی لە دیوانێکی تایبەتدا کۆنەکراونەتەوەو بە پەرشوبلاوی ماونەتەوە. ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ چەند شیعرێکی دەکەین.لە ٢٥ /١٢/ ١٩١٣ دا ڕۆناکبیری کورد ئیسماعیل حەقی بابان لەکاتی وانە وتنەوەدا دڵی لە لێدان دەکەوێتو کۆچی دووایی دەکات. میهری بەو کۆچە لەناکاوە زۆر غەمباردەبێتو هەستی دڵی خۆی لە شیعرێکدا دەردەبڕێت کە لەسەرەتاکەیدا دەڵێت:

زمانی پیرەمێرد ئەمڕۆ خەزێنەی ئێشو گریانە
شەوو ڕۆژ ئاهەی ناڵی ڕەعدە، ئەشکی چاوی بارانە
هەناسەی ساردی(تەپیری) لەخاك تاکوو (ئەپیری)یێ چوو
میزاجی ئیعتیدال فەوتا، ویسالی تۆفی زستانە
لەتەم سەرپۆشی غەم پۆشی سیڕاپا قامەتی کێوان
دڵی تۆران دڵی سیڕدی لەبەین کێوانی کەیوانە
بەڕەسمی تەعزیە هەر نەونەمامە بەفری کوردی جامە
بەڵێ لەبسی سڵی پۆشین رسومی کۆنی دەورانە

پاشان دەڵێت

خودایە ڕۆژی حەشرە وا جیهان یەکسەر سەروبن بو
وەیاخود وەلوەلەی فەوتی مەداری فەخری کوردانە
جەوانی نەوجەوان حەقی بەگ، بەگزادەی کوردان
ڕەئیسی ئەهلی عیرفان، دوڕی یەکتای ماڵی بابانە
لەبەر کۆچکردنی دەردانە ئیمڕۆ، ڕۆژی دەردانە
مەسیلی ئەشکی خوێن دامانە، دامان کاری مەردانە

میهری لەهۆنراوەیەکی دیکەیدا بەیادی ئەو ڕۆژانەوە کەلە سەردەشت فەقێ بووە دەڵێت:

ئەرزی بەرزی سەردەشت بەهەشتی سەر ڕوی زەوین
کاخو کۆخی شەنگو شۆخی ڕێی فریشتەو جێی پەرین
ئاستانی ئاسمانی پڕ لە ئەستونەی زەڕە
کێوو دەشتی گشتی زەردو سوورو کەسكو شین

دوا سەرنج:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تاڕاددەیەك ژیاننامەی﴿ محەمەد میهری﴾م روونکردوەتەوەو ئاماژەم بۆ بەشی زۆری بەرهەمەکانی کردووە، بەلاّ/ هێشتا زۆر لایەنی ژیانی ئەو لای منیش ڕۆشن نییەو بەرهەمو نوسینەکانی هێندە پەرشو بلاون کە کۆکردنەوەیان کاتو هەوڵو کۆششی تایبەتی دەوێت. ئاواتەخوازم کە لەداهاتوودا لەگەڵ یەکێك لە کوڕو کچەکانی(یان نەوەکانی) پەیوەندی بگرمو ئەوان لەو ڕووەوە یاردەدەربنو بەرهەمو دەستنوسەکانی لای ئەوان پارێزراوبنو دەرفەتی بلاوکردنەوەیان بۆ بڕەخسێت.

*لەبەر زۆری سەرچاوە بەکارهاتووەکانی بابەتەکە نەمانتوانی هەموویان بلاوبکەینەوە.